## گەمەی سیاسی یان گەمەی دیموكراسی ... میران شارباژێری

ئۆسلۆ

لەم ماوەیەی دواییدا دەبینین هەموو هێزە سیاسییەكانی سەر گۆڕەپانی كوردستان و عێراق، سەرقاڵی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عێراقن. جا هەرلایەنێك بە دەنگیك و ڕەنگێگەوە هاتووەتە ناو گەمەكەوە. هەریەكە بڵاوكراوەی خۆی هەیە و دیعایە بۆ بەرنامەكەی خۆی دەكات. ئەمە پێی دەوترێت گەمەی سیاسی. چونكە تەنها لەكاتی هەڵبژاردندا لایەنە سیاسییەكان میللەتیان بیر دەكەوێتەوە.
قسەمان لەسەر ئەمە نییە حەقی خۆیانە لەكاتی هەڵبژاردندا دیعایەی خۆیان بكەن، بەمەرجێك لەسەر حیسابی لایەنێكی تر نەبێت، قسەكانیان تەنها دژایەتی كردنی لایەنی بەرامبەر نەبێت، بەڵكو پرۆژەی خزمەت گوزاری بێت. قسەمان لەسەر ئەمە نییە، بەڵكو قسەمان لەسەر گەمەی دیموكراسییە تۆ بڵێیت ئەمەش هەر دیعایەی هەڵبژاردن بێت. ئەم دیموكراسییەی كە لەكاتی هەڵبژاردندا دەردەكەوێت، تەنها كاتی بێت و دوای هەڵبژاردن وەك رۆژی سەر لەئیوارە ئاوابێت و هەر ئەسەریشی نەمێنیت.
پێش هەموو شتێك كاتێك باسی دیموكراسی دەكەین، دەبێت سەیری وڵاتانی رۆژئاوا بكەین، چونكە بەراستی لەزۆرێك لەكارەكانیاندا دیموكراسی پێوە دیارە. بۆ نموونە لەوڵاتی نەرویج دا هەرلایەنێك زۆر بەئازادانە دیعایەی هەڵبژاردن بۆ خۆی دەكات. بەڵام دوای هەڵبژاردن رێك دەكەون كە ئەولایەنانەی زۆرێنەیان هێناوە لە هەڵبژاردندا، ئەوە حكومەت پێك دەهێنن. ئەو هێزە سیاسییانەی كە دەنگیان كەمترە، دەبنە معارەزە. ئەم دوو هێزە لە مونافەسەیەكی بەهێزدا دەبن بۆ جێبەجێكردنی كاری ئەو میللەتە. بەواتایەكی تر هەركارێك ئەولایەنەی كە دەسەڵاتی بەدەستە و حكومەتی پێك هێناوە، هەر هەڵەیەك بكات لایەنەكەی تر لێی دێتە وەڵام ناتوانێ ئیدی بەردەوام بێت لەسەر ئەو هەڵەیە. بگرە ئەولایەنەی كە موعاریزە زیاتر خزمەت دەكات چونكە نایەڵێت لایەنی دەسەلاتدار هەڵە بكات.
من لێرە ئەمەوی ئەوە بڵێم كە دەبێ بەراستی ئەگەر یەكێتی وپارتی دەیانەوی وڵاتمان بەرەو دیموكراتی بڕوات، هانی نەك تەنها یەكگرتووی ئیسلامی بدەن، بەڵكو هانی لایەنی تریش بدەن، ببن بەموعارەزە. بەمەرجێ معارەزەیەكی دیموكراتییانە و ئاشتییانە بن. بوونی تاكە حیزبی یان هاوپەیمانێتی بەو شیوەیەی كە ئێستا هەیە هێچ مانایەكی دیموكراسی نابەخشێت. بۆیە دەبێت زۆر بەگەرمی پێشوازی لەو هەنگاوەی یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان بكەین. زۆر بەگەرمتر لەساڵی پار بەرەو سندوقەكانی دەنگدان برۆین. چونكە ئەو هەڵبژاردنە چوار ساڵە و دەستوری عێراقیش دوای ئەم هەڵبژاردنە شیی دەكرێتەوە، لەوانەیە گۆرانگاری بەسەر هەندێ بڕگەیدا بكرێت. ئەگەر رێژەمان لە كورسیی پەرلەمانی عێراق زۆر نەبێت، لەوانەیە ئەوانی تر بەئاسانی بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێ بیگۆڕن.
ئەو شۆرشەی تا ئێستا كردوومانە كۆتایی نەهاتووە بەڵام لە ئاخیرەكەیدایە ئەگەر تەواوی نەكەین وەك ئەوە وایە كە هیچمان نەكردبێ، وەك كورد دەڵێت: (گوریسەكەمان دەبێتەوە بەخوری)، بۆیە خەمساردی لە بەژداری كردن لە هەڵبژاردندا كەمتەرخەمییە لەمافی گەلەكەمان، وە زولمێكە لەحەقی گەلەكەمان دەكرێت. چونكە تاكە دەنگێك بۆ كورد زۆرە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بۆ كێ دەنگ بدەین، بۆ ئەو كوردەی كە تا ئێستا خراپەیەكی بۆ

گەلەکەمان نەبووەو مەجالی نەدراوە تا بزانین تا چەنێك خزمەت و راست دەكات لەو بەڵێنانەی کەداویەتی. دەبێت ئێمە ئیمانمان بەگۆرانکاری هەبێت و بزانین ئەم لیستە هەگبەکەی چی تیایە چونکە کورد دەڵێت: تاقیکردنەوە باشترین بەڵگەیە، ئەگەر ئەمە گەمەی دیموکراسی بێت، ئەو شیعارانەی ئەم لایەنە بە تەنها هەڵێگرتووە بێتە جێبەجێکردن، ئەوە شتیکی زۆرباشە... رۆژی ئەوە هاتووە کە گەمەی دیموکراسی ببێتە کاریکی عەمەلی و ببێ بەدیموکراسی کردنی کوردستان.